هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^، لە ڕۆژێکدا سەد جار

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^، لە ڕۆژێکدا سەد جار، بۆ ئەو (هێندەی پاداشتی) ڕزگارکردنی دە بەندەیە، وسەد چاکەی بۆ دەنووسرێت، وسەد خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە، ودەبێتە هۆی پارێزگاری بۆی لە شەیتان لەو ڕۆژەدا هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت، وهیچ یەکێك (کردەوەی) چاکتری لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر یەکێك زیاتر لە ئەو ئەوەی وتبێت (کردبێت)». ^(هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک مولْکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بڵێت: (لاَ إِلَهَ:هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق)؛ وهیچ پەرستراوێك هەق وڕاست نییە، (إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ:جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە)؛ لە خودایەتیدا -پەرستراوێتیدا- وپەروەردگارێتی وناو وسیفەتەکانیدا، (لَهُ المُلْكُ:وهەموو شتێک مولْکی ئەوە)؛ وئەو ڕکێف بە هەموو خولْقێنراوەکان دەکات وبەڕێوەیان دەبات، (وَلَهُ الحَمْدُ:وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە)؛ حەمد وسوپاس بۆ ئەو لەسەر هەموو شتێك کە دەیخولْقێنێت ولە قەدەردا دەینووسێت وبڕیاری لەسەر دەدات، (وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ:وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره)؛ کەس ناتوانێت ڕێگری لێبکات وبەرگری بکات لەسەر بڕیار ودەسەلاتی، وئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نایەتە دی وڕووندادات. هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا سەد جار ئەم زیکرە دووبارە بکاتەوە وبیلْێت، هێندەی پاداشتی ڕزگارکردنی دە بەندەی بۆ دەنووسرێت، وسەد چاکە وپلەی بۆ دەنووسرێت لە بەهەشتدا، وسەد خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە ولە گەردنی لادەدرێت، ودەبێتە هۆی پارێزگاری وبەرگری وقەلْا بۆی لە شەیتان لەوەی هەلْیبخەلْەتێنێت و بەسەریدا زاڵ بێت لەو ڕۆژەدا هەتاوەکو ئێوارەی بەسەردا دێت بە ڕۆژئاوابوون، ولە ڕۆژی قیامەتدا هیچ یەکێك کردەوەی چاکتری لە ئەو ئەنجام نەداوە مەگەر یەکێك زیاتر لە ئەوەی وتبێت (کردبێت).

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65905